**زانكۆی سەلاحەددین -هەولێر**
**كۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری**
**بەشی ئابووری**

# بــــێــكــــــــاری

## ( هۆكارەكانی، كاریگەرییە ئابووری و كۆمەڵایەتیەكان، ڕێكارەكانی كەمكردنەوەی لە هەرێمی كوردستان لەشاری هەولێر)

تویژینەوەی پێشکەش کراو بەشێکە لەداواکارییەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری/ بەشی ئابووری.

**ئامادەكراوە لەلایەن**

شەهریوان زرارعبدی

شیماء قابیل نجم جمیل

سۆران شوان عولا احمد

**بەسەرپەرشتی**

م.ي. ریژین نژاد عزیز

**نیسان٢٠٢٣**

(بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ)

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا

(سورەتی النساء،ئایەتی ٢٩)

صدق الله العظيم

**پێشکەشە بە:**

- خانەوادە بەڕێزەکانمان.
- سەرجەم هاوڕێ دڵسۆز و خۆشەویستەکانمان.
- هەموو ئەوانەی یارمەتییان داین و لەگەڵمان بوون.
- سەرۆکایەتی بەشی ئابووری.
- ئەو مامۆستایانەی کە فێری ئەلف و بێیان کردین.

## سوپاس و پێزانین:

- سوپاس بۆ خوای گەورە  کەوا تەمەن و هێزی پێبەخشین بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.
- سوپاس بۆ سەرجەم ئەندامانی خێزانەکانمان کە بەردەوام هاوکارمان بوون
- سوپاس بۆ (م..ي ریژین نژاد عزیز) بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەوەیە.
- سوپاس بۆ سەرجەم مامۆستا و فەرمانبەران و سەرۆکایەتی بەشی ئابووری

# لیستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| I | أية القرأن |
| II | پێشکەش کردن |
| III | سوپاس و پێزانین |
| IV | لیستی ناوەڕۆک |
| ٣-١ | پێشەکی |
| ٤ | بەشی یەکەم: چەمکی بێکاری، پەیوەندی نێوان بێکاری و گرنگترین گۆڕانکارییە گشتییە ئابووریەکانی تر |
| ١٣-٤ | باسی یەکەم: پێناسەی بێکاری و جۆرەکانی، هۆکارەکانی |
| ١٧-١٤ | باسی دووەم: پەیوەندی نێوان بێکاری و گەشەسەندن |
| ١٨ | بەشی دووەم: کاریگەری بێکاری لەسەر لایەنی ئابووری وەدەروونیو کۆمەڵایەتی و سیاسی، ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی بێکاری |
| ١٩-١٨ | باسی یەکەم: کاریگەری بێکاری لەسەر ئابووری |
| ٢٠ | باسی دووەم:کاریگەری بێکاری لەسەر لایەنی دەروونی |
| ٢١-٢٠ | باسی سێیەم : کاریگەری بێکاری لەسەر کۆمەڵایەتی |
| ٢١ | باسی چوارەم: کاریگەری بێکاری لەسەر لایەنی سیاسی |
| ٢٤-٢٢ | باسی پێنجەم: ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی بێکاری |
| ٢٥ | بەشی سێیەم: بێکاری لەهەرێمی کوردستان (هەولێر) شیکار کردنی دەرئەنجامەکان |
| ٢٦-٢٥ | باسی یەکەم: بازاری کار و بێکاری لە هەرێمی کوردستان |
| ٢٧ | باسی دووەم: گرفتەکانی تێگەیشتن لە بێکاری لە هەرێمی کوردستان |
| ٣٢-٢٨ | باسی سێیەم: لایەنی پراکتیکی و شیکاری دەرئەنجامەکان |
| ٣٣ | دەرئەنجامەکان |
| ٣٤ | پێشنیارەکان |
| ٣٦-٣٥ | لیستی سەرچاوەکان |

**پێشەکی:**

بێکاری یێکێکە لەو کێشە و گرفتە سەختانەی کە کاریگەرە لەکۆمەڵگا و ڕەوتی ژیان و شێواندنی باری دەرونی و گۆڕینی شێوەیی گوزەران و تێکدانی بیرکردنەوە و تێڕوانین لە ئایندەو پاشەڕۆژی نەوەکانی داهاتوو لە بنیاد نانی بنەما سەرەکیەکانی شارستانیەت و پێشکەوتن و زانست دا کاریگەری نەگەتیڤی دەبێت ..

بێکاری وەبایەکە چەند لەڕووی ئابوریە زیان بە دەسەلات و کەرتی بەرهەم هێنەر دێنێت و باری ئابوری شلۆق و نائارام و شێواو دەکات و کۆسپ بۆ ئەو حکومەتانەش دروست دەبن کە لەو سەردەمانەدا خاوەن دەسەلاتن و ئەوانیش بەشێکن لەو کێشەیە .. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کێشە و گرفتی دەرونی لەنێو ئەو کەسانەدا دروست دەکات کە بێکارن و کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەر ژیانیان ئەوانەی کە خێزاندارن لە نێو خێزانەکانیاندا کێشەیان بۆ دروست دەبێت وئەوانەی کە گەنجن توشی کێشەی ئەوە دەبن کە ناتوانن خێزان پێکەوە بنێن و بەهەمان شێوەش کاریگەری بۆ سەر کچانیش دەبێت کە بە بێ هاوسەرگیری دەمێننەوە ئەمەش وەک لایەنی کۆمەلایەتی ... بەهەمان شێوە باری دەرونی ئەو کەسە دەشێوێت و لەزۆر بەی ئەو وولاتانەی ڕێژەی بێکاری تیایاندا زۆرە بەدیار دەکەوێت کە زۆربەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن یا دەبنە کەسانی مودمن بە مادە بێ هۆشکەرەکان لەو کەسانەن کە بێکارن و کاریان دەست ناکەوێت .. بێزاری لەژیان و دوور کەوتنەوە لەهەموو کەس و دەست دانە هەموو کارێک بۆ پڕکردنەوەی کاتی بێکاری و بێزاری لەو دۆخەی کەتێیدایە ئەمەش کەدەبێتە هۆکارێک باری کۆمەلایەتی ئەو کۆمەڵگایە دەشێوێنی و گەندەڵی و یاسا و ڕێساکان لەڕەوتی ئاسایی خۆیان لابدەن و باری کۆمەلایەتی توشی گرفتی لێک داپڕان و دوورکەوتنەوە ببێت وەک چۆن کە گەنجەکانمان بە هۆیی یەکێک لەو هۆیانەی کە کاریان بەدەست ناکەوێت ڕوو لەهەندەران دەکەن، ئەمە کاتێک پرسیار لەو گەنجە بکەیت بەو شێوەیە وەلام دەداتەوە .. بەلام کاتێک بەرپرسێک دەدوێنی لەو کێشە دەڵێ بەڵێ ئێمە کارمان هەیە و ئەوە لەدەرەوەی وولات کرێکار دێنین بۆ کارکردن ، لەبەر ئەوەی گەنجەکانمان ئەو کارانە ناکەن .

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە:**

بێکاری یەکێکە لە هۆکارەکانی ناسەقامگیری وپشێوی کۆمەلگایە و وا دەکات تاکەکان بەبێ کار بمێنەوەە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر گوزرەانیان دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی هەژاری لەولاتدا بەرزبێتەوە ، لەم توێژینەوەدا کێشەو باسی بێکاری دەخەینە روو ئەو هۆکارانە باس دەکەین کە بیکاری زیاد دەبێت و وە چارەسەری بێکاری دەخەینە روو.

**دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

لە راستیدا ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەمان هەم لایەن و هەمەچەشنە بەلام گرینگترین ئامانجەکان بریتین لە.خستنەرووی کاریگەریەکانی دیاردەی بێکاری لەسەر تاکەکان و خستەڕووی هۆکار و پالنەرە سەرەکیەکانی بێکاری و لێکەوتەکانی ،شوێنەوارەکانی دیاردەی بێکاری لە هەریمی کوردستان لە شاری هەولێر ،وە چۆنیەتی بلاوبوونەوەی لە نێو کەسەکان دا دۆزینەوەی چارەسەری کەمکردنەوەی بێکاری.

**سێیەم: گرنگی توێژینەوە:**

هەموو توێژینەوەیەک لەبارەی پرس و دیاردەکۆمەلاتیەکان گرنگی هەمە لایەن لە خۆ دەگرێت،ئەم توێژینەوەیەش کە سەبارەت بە دیاردەیی بێکاریە لەنیو لاوان دا،دیاریکردنی هۆکارو کاریگەرییە هەمەلایەنەکانی ،لەخۆگریی چەندین کاریگەرییە،چونکە دیاردەیی بێکاری لە هەر کۆمەلگەییەکی مرۆیی سەرجاوەی زیاد بون و دروستبوونی کێشە کۆمەلایەتیەکان و ئەمەش کاریگەری لەسەر شوناسی لاوان و ئاسایشی کۆمەلایەتی و نیشتیمانی دادەنێن، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەم رووەوە هەولێکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و میکانزمیی کاریگەر بۆ دیاردەیی بێکاری لە نێو لاوان دا. لە لایەکی دیکە، لەراستیدا ئەوەی تا ئێستا لە بارەی دیاردەیی بێکاریدا دەگوترێت زۆربەیان تەنیا لە چوارچێوەی وتارو قسەکردندایە، کەم توێژینەوەو هەولی زانستی هەیە کە بتوانێت بە ریگەێکی تەواو لیکەوتەو هۆکارەکانی بێکاری روون بکاتەوە.

**چوارەم: گریمانەی توێژینەوە:**

١. توێژینەوەکەمان گریمانەی ئەوە دەکات کە بێکاری کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەلگا و دەبێتە هۆی ئەوە تاکەکان بێکار بمێنەوە و ببێتە هۆی تێکدانی خێزان.
٢. بێکاری کاریگەری هەیە لەسەر ئابـــووری وڵات دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەم هێنان و بەکاربردن ،و زیان بە کەرتی بەرهەمهێنەر دەگەیەنێت باری ئابوری قرەبالغ و نائارام شێواو دەکات کۆسپ بۆ حکومەت دروست دەکات.

**پێنجەم: شێوازی توێژینەوە:**

بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی تویژینەوەکە کە پشت بە دابەشکردنی چەن فۆرمێک دەبین لە چەن شوینێکی شاردا کە دەربارەی بیکاری و هۆکاری بێکاری چەندین پرسی دیکە لە خۆ دەگرێ

# بەشی یەکەم

## چەمکی بێکاری، پەیوەندی نێوان بێکاری و گرنگترین گۆڕانکارییە گشتییە ئابووریەکانی تر

### باسی یەکەم: پێناسەی بێکاری و جۆرەکانی، هۆکارەکانی

### یەکەم: پێناسە بێکاری:

١. کەسی بێکار ، ئەو کەسەیە کە لە تەمەنی کارکردندابێت ئارەزووی کارکردن بکات،بەدوای کاردا بگەڕێت بەو کرێیە لە بازاڕی کاردا هەیە ڕازی بێت، بەڵام کاری دەست ناکەوێت.(چاوی کورد.www.chaweykurd.com

٢. بێکاریی کێشەیەکی ئابورییە، سەرەتای دەرکەوتن‌و پێناسەکردنی ئەم چەمکە وەک گرفتێکی ئابووریی، بۆ دوای شۆڕشی پیشەسازیی دەگەڕێتەوە. بەگوێرەی پێناسەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، بەکەسێک دەوترێ بێکار، کە حەزی لەکارکردن بێت‌و هەوڵی بەدەستهێنانی بدات، بەڵام بەهۆی کێشەی ئابووریی یان هەر هۆکارێکی تر، ئیشی دەستنەکەوێت.( awene.com ,https://www.//.awene.co)

٣. بێکاری بە ناچاری یان هەندێک جار بە تێکشکانی ئارەزوومەندانەی بەشێک لە هێزی کار لە کۆمەڵگەیەکدا پێناسە دەکرێت سەرەڕای توانای ئەم هێزە کرێکارییە و ئارەزووی کارکردن و بەرهەم هێنان. (هیثم الزعبی و حسن ابو الذین، ٢٠٠٠م، ص ١٤٥)

٤. بێکاری بە نەبوونی کار لە کۆمەڵگایەک بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت و دەتوانن بیکەن پێناسە دەکرێت. (حسام داود واخرون، ١٤٢١، ٢٠٠١م، ص ٢٥٥)

٥. ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کەسێکی بێکار پێناسە دەکات وەک : هەر کەسێک بتوانێت و ئامادەیی کارکردن بێت و بە دوایدا بگەڕێت و لە ئاستی کرێی زاڵدا هەڵی بگێڕێتەوە بەڵام بێ سوود بێت.(رمزی زکی الاقتصاد السیاسی للبطالة والاداب، ١٤١٨، ص٤٨٧)

هەروەها هەندێک لە ئابوریناسان دەزانن کە بێکاری ئەو حاڵەتەیە کە بەسەر ئەو کەسانەدا جێبەجێ دەکرێت کە توانای کارکردنیان هەیە و کار ناکەن بەڵام ئەوان بە شێوازێکی نوێ دەڕوانن بۆ هەلی کار و هەندێکی تر بروایان وایە کە بێکاری گوزارشت لە جیاوازی نێوان هێزی کار دەکات کە لە کۆمەڵگایەکی تایبەت و هەلی کاری بەردەستدا هەیە کە بە نەبوونی بەشی کار لە هێزی کار بە تەواوی یان بەشێک، سەرەڕای توانای کارکردن و خواستی خۆی بۆ ئەو کارە، پشتگوێ دەخات و هەموو ئەمانە چەندین کەسی دیکە لە ئابووری ناسان بێکاری بەناتوانایی بەشێک لەهێزی کرێکاران بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار پێناسە دەکەن و جگەلەوەش کەسانێک هەن کە پێیانوایە بێکاری نەبوونی هەلی کارە لەناو کۆمەڵگەیەکدا جگە لەبوونی

چەندین بۆچوونی تر لەم ناوچەیەدا هەروەها دەکریت. ( د.علی عبدالوهاب : مشكلة البطالة واثر برنامج الاصلاح الاقتصادی ص ١--٢)

بوتریت کە بێکاری دیاردەیەکی سیستەمی سەرمایەدارییە و ئەم دیاردەیە کێشەیەکی گەورەیە بۆیە پێویستە ئابووریناسان و هەروەها کۆمەڵناسان گرنگی پێ بدەن و هاوکات دەبێت ڕێگاچارەی گونجاوی بۆ بنبڕکردنی لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی سەرچاوە بەردەستەکان.(د.عبداللطيف عبد الحميد العانى ، المشكلات الاجتماعية ، ١٩٩١)

هەروەها بە پچڕانی یان بە زۆرەملێی وەستانی بەشێک لە هێزی کرێکاری کۆمەڵگا پێناسە دەکرێت سەرەڕای توانا و ئارەزووی کارکردن و بەرهەمهێنان بێکاری لە کۆمەڵگەیەکدا بەو شتە دەپێورێت کە پێی دەوترێت بێکاری لەو کۆمەڵگایەدا کە ڕێژەی بێکاران لە هێزی کارەوە بۆ کۆی هێزی کرێکارانە. (د.احمد زکی بدری ، معلومات النشر اخرى، ص ٢٩)

$$\text{ڕێژەی بێکاری} = \frac{\text{ڕێژەیی بێکاری}}{\text{کۆی هێزی کار}} \times ١٠٠$$

**بێکاری چییە؟**

بێکاری وەکو دیاردەیەک لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی لە کۆنەوە تاکو ئێستا هەبوە و هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤی کەم تا زۆر بێ ئەم دیاردەیە نەبووە،لە سیستەمی ئابوری سەردەم وا دەردەکەوێت کە خولی ئابوری چالاک بەبێ دیاردەی بێکاری ڕوونادات، ئەم حالەتەش بەسەر ئابوری ناوخۆ نەتەوەییەوە ڕەنگ دەداتەو،لەبوارەکانی گەشەکردن و بوژانەوە و پەرەپێدان ،کەدەبێتە هۆی دابینکردنی هەلی کاری جۆراوجۆر و دواتریش کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاران لەناو کۆمەڵگادا ،بەمجۆرە خولی ئابوری ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهاتەی ئابوری کۆمەڵگا شارستانیەکان و چالاکی لە بازاڕی کاردا دەبینێت،چونکە بێکاری بەشێوەیەکی گشتی لە زۆربەی کاتدا بەو بارگۆڕانە ئابورییانەی دەوڵەت دەبەسترێتەوە ،کاتێک بێکاری دەردەکەوێت کە ڕێژەکەی لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی داکشانەوەی ئابوری،هاوکات لەگەڵ ڕوودانی قەیرانی ئابووری کاتی کە بەهۆکاری ناوخۆیی ڕوودەدات لە ئاکامی کار و کردەوەی کار یاخود خراپی پەیوەندی نێوان پرۆگرامەکانی خوێندن و بازاڕی کار یاخود بەهۆی هۆکار و فشاری دەرەکی پەیوەستە بە سیستەمی ئابوری نێودەوڵەتی.بێکاری بە یەکێک لە دیارترین گرفتە ئابووری و کۆمەلەتیەکانی تاک و حکومەت دادەنرێ کە کێشە و گرفتی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە،ئەمەش لە ئاکامی ئەو کاریگەریە خراپانەی کە لە سەر سیستەمی ئابوری و سیستەمی کۆمەلایەتی

دروستی دەکات ،بۆیە زۆربەی ولاَتان لە جیهانی هاوچەرخ بە بەردەوامی هەولَی لێکۆلینەوە لەسەر بێکاری و هۆکار و دەرەئەنجامەکانی لەسەر کۆمەلَگاکانیان بەدیاردەخەن و لەگەلَ سەرجەم دانشتوان بەراوردبکەن ،دەیانەوێت ژمارەی بێکاران و کێشەی بێکاری کەلە نەبوونی هەلَی کاری گونجاو دەکەوێتەوە چارەسەر بکەن.بێکاری لە گرینگترین ئەو کێشانەیە کە(سیاسەتمەدار و بڕیار بە دەستدان )ی سەرقالَ کردووە و هەولَی دانانی پلان و پرۆگرامی دارێژراون بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاران کەمکردنەوەی لەناو کۆمەلَگادا،ئەم گرینگیدانە زۆرەش لەو روانگەیەوە دێت کەدیاردەی بێکاری خۆی لە خۆیدا گرنگە و شوێنەواری گەورەی لێ دەکەوێتەوە بەتایبەتی لەسەر ژێرخانی کۆمەلایەتی ،هەرچەندە بێکاری دیاردەیەکە کە بنبڕکردنی مەحالە لە هیچ کۆمەلَگایەک رووبدات بەلاَم دەتوانرێت کەم بکرێتەوە بۆیە لەم توێژینەوەیە هەولَ دەدەی ئەو هۆکارانە روون بکەینەوە کە کاریگەریان هەیە لەسەر کەمکردنەوەی بێکاری.

**دووەم: جۆرەکانی بێکاری:**

**١.بێکاری زۆرەملێ:**

**أ.بێکاری نە گونجاندن(بەریەک کەوتن)**

واتە کەسانێک توانای کارکردنیان هەیە بۆیە بەدوای کەرێکی گونجاو یان باشتر دەگەڕێن ئەمەش لاکاتێکدایە کەوا کاری ئەوتۆ هەیە کە لەگەلَ تواناو شارەزایی و تومونیان دەگونجێت، کەچی ئەو کارانەیان دەست نەکەوتووە، لەبەر ئەوەی نەیان زانیوە کە ئەم کارانە هەیە و لە کوێیە لەهەمان کاتیشدا خاوەن کارەکانیش هەولَ دەدەن کرێکاری تر بدۆزنەوە بۆ ئەوەی جێگای ئەو کرێکارانەیان بۆ بگرنەوە کەخەریکە تەمەنیان بەسەردەچێ و خانەنشین دەبن یاخود بەهۆی فراوانبوونی دەزگاو کارگەکانیان پێویستیان بەکرێکاری تر هەیە.

**ب. بیکاری پەیکەر بەندی (ژێرخان)**

بەشێک لەو کرێکارە ناشارەزاو ناکارامانە دەگرتەوە دەگرێتەوە کەناتوانن کار بکەن لە پیشەسازی و کشتوکالی تازەو پێشکەوتوو بەهۆی پێشکەوتنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و رانەهێنانی ئەم کرێکارانە، واتە نەگونجانی تواناکانی ئە کرێکارانە لەگەل پێداویستیەکانی ئەو بازاڕی کارە، ئەم جۆرە بێکارییە زۆر دەخایەنێ بۆ کریکارەکە تا خۆی رادەهێنێ لەسەر ئەو پێشکەوتنانەی لەسەر ئەم بوارانەدا هاتوە.

بێکاریی پێکهاتەیی لە هەرێمێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت کاتێک گۆڕانکاری لە شێوازەکانی داواکاری دەبێتە هۆی ناگونجاندن لە نێوان ئەو شارەزاییانەی کە پێویستە و پێشکەشکراون، یان کاتێک ئەم گۆڕانکارییانە دەبنە هۆی ناهاوسەنگی لە نێوان داواکراوەکان و دابینکردنی کرێکاران لە نێوان ناوچە جیاوازەکاندا. (د.علی عبدالوهاب نجا ، ص ٢١)

کاریگەری لەسەر بەشێک لە هێزی کار دەکات بەهۆی گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان کە لە ئابووری نەتەوەییدا ڕوودەدات، دوای ئەوەی لە دۆخێکی ناگونجاودا لە نێوان کار و ئەزموونی ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن.( احمد حويتي واخرون ، علاقة البطالة ١٤١٩سنة هـ ، ص٢٥)

**ج. بێکاری ناو بەناو.**

بێکاری ناو بەناو بە بێکارییەکی زۆرە ملێ دادەنرێت و بەستراوەتەوە بەستراوەتەوە بە هەلکشان و داکشانەوەی چالاکی ئابووری کە بە بارگۆران ناودەبرێت،کە لە کاتی وەستاوی و داکشانەوە دەردەکەوێت،چونکە خواستی هەمووەکی لەسەر شمەک و خزمەتگوزارییەکان کەم دەبێتەوە، خاوەن کارەکان هەلدەستن بە لەدەست هەلگرتن لە بەشیک لە کرێکارەکان، وە یابووریناسان و بەپرسە دەسەلاتدارەکان بایەخێکی زۆر بەمجۆرە بێکارییە دەدەن ئەمەش لە ئاکامی ئەو مەترسیە زۆرەی کە لیێ دەکەوێتەوە.

هەرچەندە بێکاری وەرزی و کەمی بێکاری لەسەر یەک دەکەون، بەلام ئەگەر هێزی کار بە تەواوی بەکارنەهێنرێت، واتە تاکەکان کاتژمێرەکانی کارکرنی کەمتر لە کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن کار دەکەن. ئەگەر بێکاری وەرزی بتوانرێت بە جۆرێک لە بێکاریی بەشی سەیر بکرێت، ئەوە ڕێگری دەکات لە بوونی جیاوازییەک لە نێوان ئەو دوو جۆرەدا کە نوێنەرایەتی ئەو ڕاستییە دەکات کە ئەم دواییانە لە ماوەیەکدا (سالانە) دامەزراندنی تەواوی هەیە و هیچ کارێکی لە ماوەیەکی دیکەدا نییە. (٢)ئەمە کەمکردنەوەیەکی کاتییە لە کاتژمێرەکانی کارکردنی ئاسایی یان یاسایی، هەروەها وەستان یان کەمی پارە بەهۆی کارێکی کاتی بەبێ کۆتایی هێنان بە پەیوەندی دامەزراندن، بەتایبەتی لەبەر هۆکاری ئابووری، تەکنۆلۆژی یان پێکهاتەی هاوشێوە..( www.aloa.net\show thread.phppt=١٠٩٦ )

**د.بێکاری وەرزی.**

ئەم جۆرە بێکاریە هەر لە ناوەکەیەوە دیارە کە دەکرێت لە وەرزێکدا کۆمەڵێک کارمەند بێکار بن و لە وەرزی داهاتوودا کاریان دەستبکەوێت ،واتە بێکاربونەکەیان بە گوێرەی وەرزەکەیان گۆرانی بەسەر دا دێت.

هەندێک لە چالاکییە ئابوورییەکان بە شێوەی وەرزی دەردەکەون یان گەشە دەکەن، وەک کشتوکاڵ و هەندێک جۆری بەرهەم کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە یەکێک لە وەرزەکانی ساڵدا بەکاردەهێنرێن- هاوین یان زستان. لە وەرزی تەرخانکراو بۆ ئەم بەرهەمانە، داواکاری بۆیان زیاد دەکات و گەشە دەکات، کە قەبارەی خواست بۆ هێزی کار زیاد دەکات کە لەو پیشەسازییانەدا بەکاردێت. ئەم داواکارییە هەندێک جار کەم دەبێتەوە یان نامێنێت کاتێک وەرزی بەرهەمهێنان کۆتایی دێت. وە لێرەدا دەردەکەوێت کە پێی دەوترێت بێکاری وەرزی.. (د.احمد حسين الرفاعي، د.خالد واصف الوزني ، ص ٢٥٢)

ئەم بێکارییە پشت دەبەستێت بە وەرزەکانی کەشوهەوا یان وەرزە کۆمەڵایەتییەکان، کە تێیدا زۆرێک لە کرێکاران لە بەشەکانی ساڵدا بێکارن، یان لە زستاندا وەک کرێکاری بیناسازی بە نزیکەیی یان لە هاویندا وەک کرێکاری تازەکردنەوە و هەندێک لە کرێکارانی پیشەسازی کە مۆدێلەکانیان دەگۆڕن وەک جلوبەرگ تێکدەدرێن، چونکە کرێکارانی گەشتیاری لەو وەرزانەدا کار دەکەن کە گونجاوە بۆ گەشتیاری. ( حسام داود واخرون ، ص ٢٥٨)

**٢.بێکاری ئارەزوو مەندانە:**

ئەم جۆرە بێکارییە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەتوانای کاریان هەیە. بەلام بەهۆی نزمی کرێکانیان ئامادەنین لەم بوارانەدا کار بکەن،بۆنموونە ئەوکەسانەی داوای کرێیەکی زۆر دەکەن یاخود هەندێ لە سوالکەرەکان پارەی کەم وەرناگرن یاخود ئەوکەسانەی پێشتر کارێکیان کردووەو مووچەکەی زیاتر بووە لەوکارەی کەئێستا دەستی دەکەوێت،ئەم جۆرە بێکارییەش ناچێتە چوارچێوەی (هێزی کار لەناو کۆمەڵگە).

## چەند جۆرێکی دیکەی بێکاری:

### ١.بێکاری شاراوە (نادیار،ژێرپەردە).

پێی دەوترێت شاراوە یاخود ژێر پەردە، چونکە نادیارە، ئەو کرێکارانە دەگرێتەوە کە لە ئاستێکی نزمی بەرهەمهێنان کار دەکەن، بگرە بەرادەیەک ئاستی بەرهەمنهێنانیان (سفر)ە، واتە کرێکاران بەکەمتر لە توانای بەرهەمهێنانی خۆیان کاردەکەن، زۆرجاریش ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران لە کەرتێکدا کار دەکەن بێ ئەوەی زێدە رێژەیەک بخەنە سەر بەرهەمەکە لەو کەرتەدا،خاوەنی بەرهەمێکی ڕاستەقینەیی نین،سەرجەمی بەرهەمهێنانیان سفرە و زۆربەی جاریش سالبە.

### ٢.بێکاری خولدار:

ئەم جۆرەیان پەیوەستە بە قۆناغی بێ بازاڕی و کورت هێنان لە چوارچێوەی خولی ئابووری دا، کە ئابووری نەتەوەیی بە خولی کرتهێناندا دەڕوات ئەم جۆرە بێکارییە پەیدا دەبێت کاریگەری لەسەر ئابووری نەتەوەیی و گەشەسەندن دروست دەکات،کەواتە ئەم جۆرە بێکارییە بەردەوام دروست دەبێت لەگەل دووبارەبونەوەی ڕوودانی خۆلی گۆرانکاری و تەنگژەی ئابووری.

### ٣. بێکاری هەلسوکەوت :

ئەمجۆرە بێکارییە ڕوودەدات لە ئەنجامی شوێناو شوینکردن و گواستنەوەی کرێکاران لەنێوان پرۆژە جیاوازەکانی بەرهەمهێناندا یانیش بە هۆی دواکەتویی کرێکارەکان بە هەلی کاری دەست کەوتوو و لە ناوچەیەکی ترو کەمی توانایی بێکارەکان لە کارامەیی پسپۆری داواکراو لەکارەکانی تر،بیکاری هەڵسوکەوت حالەتێکی کاتییە ڕوودەدات بەهۆی پێشکەوتنی باروودۆخی کار، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، گواستنەوە لەشوێنێکی تر و ئارەزوو لە کارێکی تر کاتێک یەکێک کارەکەی جێدێلێت و بەدوای کارێک دەگەری کە باشتر بێ لە کارەکەی پێشتری.

لە ئابووریدا کە بە داینامیزم ناسراوە، گۆڕانکاری لە هەندێک کەرتی ئابووریدا ڕوودەدات وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ پێشکەوتنەکانی بازاڕی بەرهەم کە لە بەرامبەریشدا لە بازاڕی کاردا ڕەنگدانەوەی هەیە و کاریگەری لەسەر ئەم جۆرە بێکارییە هەیە، زۆرێک لە کەرتەکان بەتایبەتی کەرتی پیشەسازی و لەم جۆرە کاتێک ژمارەی پشووەکان فراوانە لەگەڵ ژمارەی دەرفەتە بەتاڵەکان، بەڵام لێهاتوویی ئەو کەرتانەی کە لە گفتوگۆی گۆڕانکاریدان لەوانەیە لەگەڵ ئەو شارەزاییانەدا نەگونجێت.( زکی حسین قادر ، ص١٠)

**٤.بێکاری هەوەسیی:**

ئەمجۆرەیان ڕوودەدات لەئەنجامی نزمبوونەوەی کرێ یان کەمی ئارەزووی تاک لە سەر ئیشکردن هەروەها لە ئەنجامی نزمبوونەوەی کەمی دەستکەوتنی باو لەئاستی ئەوەی کە خاوەن فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان ئارەزوویان لە سەرە،یان ڕازینەبوونی کرێکار لە کارەکەی بەهۆی کەمی ئاستی کرێ لەستێکی دیار، ئەمجۆرە بێکارییە نامێنێ لەکاتی ڕازیبوونی بەکرێی باو یا کەمتریش بێت لەو ئاستەی کە هەوڵی بە دەستهێنانی دەدات.

ئەم بێکارییە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە توانای کارکردنیان هەیە، بەڵام نایانەوێت لەژێر کرێی سەرەکیدا کار بکەن سەرەڕای بوونی کارێکی چۆڵ بۆیان، وەک ئەو دەوڵەمەندانەی کە دوودڵن لە قبوڵکردنی کار لەژێر کرێی بەردەست و هەندێک هەژار، هەروەها ئەو کەسانەی کە ئەو ئیشەیان بەجێهێشتووە کە کرێیەکی زۆریان لێوە وەرگرتووە و نایانەوێت بەشداری لە کارێکی هاوشێوە بکەن بە کرێیەکی کەمتر لەوەی کە لە کرێی بەرز ڕاهاتوون.

( علی عبدالوهاب ، ص ٣٠)

بوونی بێکاری خۆبەخش ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەکات دەربارەی بێکاری، ئەویش ئەوەیە کە لەوانەیە ئەنجامی ئابووری لە لوتکەی خۆیدا بێت هەرچەندە بڕێکی دیاریکراوی بێکاری دروست دەکات. ( زکی حسین قادر ، ص ١٢)

**٥.بێکاری ناچاریی:**

یەکێکە لەجۆرەکانی بێکاری کەهەندێ جار پێ ی دەڵێن بێکاری زۆرەکی و بەدیار دەکەوێت بەهۆی ڕوودانی کورتهێنان لەسیستەمی ئابووریدا لەکاتی دروستبوونی هەلی کارکردن و مانەوەی ڕێژەی کرێکارەکان کەتوانای کارکردنیان هەیە یان ئارەزوویان هەیە بەهەر فەرمانێکی باو لە بازاڕدا ئەم جۆرە بە ترسناکترین جۆر دادەنرێت و لە ئابووری بازاڕی سەرمایەداریدا زیاتر تەشنەو باوە .

ئەوە کاتێکە کە کرێکار ناچار دەکرێت یان ناچار دەکرێت کارەکەی بەجێبهێڵێت لەبەر هۆکارێک یان هۆکارێکی تر، وەک ڕاگەیاندنی پڕۆژەیەکی تێکشکاو، بۆ نموونە: یەکێک لە کارگەکان دەرگاکانی خۆی دادەخات و کارمەندەکانی یان هەندێکیان بە دژی خواستی خۆی بەجێدەهێڵێت. ئەمە لە ڕێگەی دەرکردنی زۆرەملێی کرێکارانەوە ڕوودەدات، هەرچەندە کرێکار ئامادەیە بۆ کارکردن بە توانا و گونجاو بۆ ئاستی بەرزبوونەوەی کرێ. (www.annabaa.org)

### ٦.بێکاری رووپۆشراو:

یەکێکە لە جۆرەکانی بێکاری بزربوو یا نادیار نەبوون مەبەست لیێ ئە دەرامەتەی کە کار دەکات و دەسهاێ و کرێ وەردەگرێت ئەگەر نەبێت یان دووردەخرێتەوە لەکارکردن ئەوا کاریگەری لەسەر قەبارەی وەبەرهێنان ناکات، ئەو رێژەیەی توخمی کارکردن کە بینراوە کاردەکات بەلام لە راستیدا نابیتە هۆی زیاد بوونی بەرهەم،بۆ نمونە وەکو باری کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵی و زۆربەی دامودەزگاکانی حکومییدا بەتایبەتی لە ولاتانی تازە پێگەیشتوودا، واتە قەبارەی بەرهەمهێنان لەم چالاکیەدا نابێتە هۆی نزمبونەوە لەکاتی نزمبوونەوەی قەبارەی هێزی کار، ئەم جۆرە بێکارییە بلاودەبێتەوە کە ژمارەی دانیشوانیان زۆرە و داموودەزگای حکومییان قەبەیە و بەکار دەهێنن بۆ بەگەرخستن بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی بێکاری بکەن لەکۆمەلگادا،بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە بێکارییە بەدیار ناکەوێت لەپرۆژەکانی تایبەت کەئامانجیان بەدەست هێنانی قازانجە بەبێ هیچ رەچاوکردنێکی دیکە.

(ئابووری سیاسی،،ک٨٦) (گۆڤاری پێشکەوتن سەرنوسەر رێبوار کەلار،٢٠٢٢pdf)

### بێکاری نێودەوڵەتی

بێکاریی بازنەیی لە ماوەکانەوە ڕوودەدات لە ئەنجامی ئەو هەڵچوونانەی کە دوو ئابووریناسانی بازاڕ لە دوای یەکدا بۆ ماوەی بوم و شپرزەیی ئەزموون دەکەن، لە ماوەی چالاکی ئابووری خەمۆکیدا کەمدەبێتەوە و داواکاری بۆ کرێکاران بە ڕوونی کەمدەبێتەوە.

ئاستی بێکاری بەرزدەبێتەوە ئەمەش جۆرێکە لە بێکاری بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە درێژیەکەی لە خولێکەوە بۆ خولێکی تر دەگۆرێت تا ئاستی چالاکییە ئابوورییەکان بەرزدەبێتەوە و داواکردنی کرێکاران لەگەڵ دەستپێکردنی خولێکی تازەی بومەلەزێتدا زیاد دەکات .

(دكتورة ايمان عطية ناصف ، ص ٢٧٠)

هەروەها دەکرێت وەک حاڵەتێک پێناسە بکرێت کە بەشێک لەهێزی کار تێکچووە بەهۆی جوڵەی ئابووری نیشتمانی و ڕیپیوانی گەشەیەوە و ئەم جۆرەش لەئەنجامی تێپەڕاندنی ئابووری هەر وڵاتێک لەقۆناغەکانی نوێنەرایەتی بازنەی ئابووریدا سەرهەڵدەدات،،کاتێک ئابووری بەقۆناغی خراپ و پاشەکشەی ئابووریدا تێدەپەڕێت بەرهەمی نیشتمانی کەم دەبێتەوە واتە تێکشکانی بەشێک لەهێزی کرێکاران تا ئەوکاتەی ئابووری دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی گەشەکردن و خۆشگوزەرانی و بۆیە ڕێژەی بێکاری کەم دەبێتەوە کە دووبارە بە دەستپێکردنەوەی هێزی بێکار. ( هيثم الزعبی ، حسن ابو الزيت ، ص ١٤٨)

## سێیەم: هۆکارەکانی بێکاری:

بێکاری وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی  ئابووری و کۆمەلایەتی دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارە کە هەریەک لەو هۆکارانە لێک جیان لەرووی کاریگەرییانەوە بەسەر ئەم دیاردەیەوە ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو هۆکارانەیە.

١.بێبازاڕی ئابووری،کەهۆکارێکی گرنگ و کاریگەرە لە پرۆسەی ئابوورییدا،بەوەی خواست لەسەر دەستەی کرێکار کەم دەبێتەوەلەئەنجامی ئەم بێبازاڕییە بەم پێیە راستەوخۆ کار لە پرۆسەی ئابووری تاک دەکات لەرێی کەمبوونەوەی خواستی کارەوە بەهۆی رووبەرووبوونەوەی کارگە و دامەزراوەکانی بەرهەمداریی بەزیانێکی زۆر کە کرێکارێکی زۆر لە کار لادەبەن..

٢.خراپی بەرێوبردن،کەلە هۆکارەکانی بنەرەتیی فراوانبوونی قەبارەی بێکاری و زیادبوونیەتی.

٣.نەبوونی دەرفەتی دامەزراندن لە فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومی و کارگەکان سەرباری پێوویستبوونی ئەم دامەزراوانە بەم دامەزراندنە بە تایبەتی لە بواری فێرکردن ،تەندروستی،کشتوکاڵ،.........هتد.

٤.سەرنەکەوتنی بەرنامەکانی پەرەپێدان لە بایەخدان بە لایەنەکانی کۆمەلایەتی بەگوێرەی پێویست و پاشەکشەی جێگەیاندنی ئابوورێ و توانای یاساکانی هاندەری وەبەرهێنان لە دروسکردنی دەرفەتی کار بەڕادەی گونجاو و پاشەکشەکردنی حکومەت لە پرۆسە و بواری بەرهەمهێناندا.

٥.شەڕ و ناکۆکییەکانی ناوخۆیی و خراپی باردۆخی سیاسی کە لەگەڵ خۆیدا دەزگای بەرهەمهێنان تووشی رووخان و وێرانی دەکات بەشی هەرە زۆری داهاتی نەتەوەییش ئاراستەی داواکارییەکانی جەنگ دەکات.

٦.گەندەڵی دارایی و کارگێڕی کە وادەکات داهات و داراییەکی زۆری وڵات بەفیرۆ بچێت و بەرهەمداریی و داهاتی نەتەوەییش کەم دەبێتەوە.تەشەنەکردنی گەندەڵی لە دامەزراوەکانی دەولەتدا تەنها خۆی لە تالانبردنی دارایی و دەرامەتی وڵات و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سامان نابینێتەوە بەڵکو لەوە ترسناکتر گەندەڵبوونی بڕیاربەدەستان و دارێژەرانی سیاسەت گۆڕینیانە بۆ توێژێکی بیرۆکراسی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش کە زۆربەی جاران دژە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی گەل و شوێنەواریی خراپی لێدەکەوێتەو.

٧.لاوازی گەشەی ئابووری لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی و فراواننەبوونی ئاسۆییانەی دامەزراو لاوازی تەکنەلۆژیای بەکارهێنراو لە دامەزراوەکانی هەیە و پشتبەستنی کەرتی

تایبەتی لە چالاکی خۆیدا  بە بازرگانی و خزمەتگوزارییەکان کە لەکۆتاییدا ژمارەی کرێکارە لە خۆ گرتووەکان کەم دەبێتەوە.

٨نەمانی توێژی ناوەند نابووتــبوونی پڕۆژەی بچووک و پیشـەکانی ئازاد یا دابەزینی داهاتیان لە ئەنجامی کێبڕکێوە. (ئابووری سیاسی،ک٨٦،٤٠)

## باسی دووەم

## پەیوەندی نێوان بێکاری و گەشەسەندنن

### یەکەم: بێکاری و گەشەی ئابووری:

زانینی پەیوەندی نێوان ڕێژەی گەشەکردن و ڕێژەی بێکاری گرنگترین فاکتەرە لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری بێکاری، سیاسەتی ئابووری زۆربەی کات پێشبینی دەکرێت ڕێژەی گەشەکردن زیاد بکات نەک ڕێژەی بێکاریی زاڵ کەم بکاتەوە، کە لە زۆربەی مۆدێلە ئیکۆنۆمەتریەکان بە گۆڕەوی دەرەکی دادەنریت.

ڕەنگە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لەگەشەپێدان و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی ئەمە دووپات بکاتەوە، سەرەڕای هەموو ئەو سیاسەتانەی کە لەماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا پێشیان کەوتووەوە هەرچەندە نەتوانراوە ڕێژەی بێکاری کەم بکاتەوە، بەڵام پرۆژەکانی داهاتوو پێشبینی دەکەن ڕێژەی بێکاری بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبێتەوە بەپێی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار.

پێشبینیەکانی داهاتوو ئاماژە بە ئاڕاستەیەکی بەرەو سەرەوە دەکەن لە ڕێژەی بێکاریدا، سەرەڕای ئەو نیشانە ئابوورییە ئەرێنیانەی کە لەلایەن هەندێک لە وڵاتانی عەرەبییەوە بەدەستهاتوون، وەک ڕێژەی گەشەی بەرز، بەرزبوونەوەی ڕێژەی وەبەرهێنان و ڕێژەی نزمی هەڵئاوسان.

سەرەڕای هەموو ئەو بەرنامە و سیاسەتانەی کە جێبەجێ دەکرێن بۆ ئاسانکاری بۆ دروستکردنی قازانجی دامەزراندن بۆ ئەو گروپانەی کە زۆرترین ئازاری بێکارییان هەیە، بەڵام ڕێژەی بێکاری بە شێوەیەک کەم نەبووەتەوە کە لە درێژخایەندا پشتگیری گەشەی ئابووری بکات.

❖ **کاریگەری هاوبەشی نێوان بێکاری و گەشەکردن:**

هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری بێکاری دەبێت لە تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندی لەگەڵ گۆڕاوەکانی تری ئابووری وەک گەشەکردن و وەبەرهێنان و ڕێژەی کرێ و هەڵئاوسان دەست پێ بکات. لەوەتەی فاکتەرەکانی پێشوو تێکەڵ بەیەکتر دەبن و هەموویان پەیوەستن بەگۆڕانکاری لەپێکهاتەی ئابووریدا، شیکردنەوەی گۆڕان بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەستنەوەی بێکارییەوە دەست پێدەکات بۆ گۆڕینی توانای ئابووری بۆ گۆڕان، بە مەبەستی گەشەی ئابووری وەک گرنگترین پێوانەی گۆڕانی ئابووری چەندێتی. بۆیە سیاسەتی ئابووری

پشتیوانی لەگەشەکردن خۆیان سیاسەتن بۆ نەهێشتنی بێکاری لەبەرچاوی هەندێک بەڵام شیکاری ئابووری لەرێگەی رێبازی ستانداردەوە ئەوە دەردەخات کە پەیوەندی نێوان بێکاری و گەشەکردن دەگۆرێت بەپێی چەند فاکتەرێک کە رەنگە لەهەندێک ئابووریدا وەک فاکتەری تایبەت:

### ❖ رێژەیی کاریگەری گەشەکردن لەسەر بێکاری:

ئەم جیاوازییە لەسروشتی گەشەی بەدەستهاتوو و کاریگەریی لەسەر بێکاری ئەوەیە کە سیاسەتی ئابووری لەولاتانی گەشەسەندوودا شکست دەهێنێت لەکەمکردنەوەی رێژەی بێکاری سەرەرای بەدەستهێنانی رێژەی گەشەی تارادەیەک بەرز و رەنگە ئەمە ئەو شتە بێت کە دیاردەی کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری جۆرێک لە کەموکورتی تیۆری، بەلایەنی کەمەوە لە رێگەی سیاسەتەوە بۆ پشتگیری گەشەی ئابووری، کە وابرِیارە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی بێکاری.

گەشەی ئابووری گۆرانێکی چەندایەتییە کە دەتوانێت لەدوو ئاراستەدا روو بدات کە یەکێکیان پەیوەندی بەزیادبوونی بەرهەمی کرێکارانەوە هەیە کە عادەتەن نابێتە هۆی دروستکردنی کاری زیادە لە ئەنجامی باشترکردنی ئەدای بەرهەمهێنی کرێکارانی ئێستا.


ئەم جۆرە گەشەکردنە عادەتەن لەگەڵ کەمکردنەوەیەکی بەرچاو لە رێژەی بێکاریدا ناگونجێت و رەوتەکەی تر پەیوەندی بە زیادبوونی رێژەیی دابینکردنی کارەوە هەیە، واتە دروستکردنی کاری زیادە کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی رێژەی بێکاری بەپێی سروشتی ئەو گەشەکردنەی کە بەدەستهاتووە.

وابرِیارە سیاسەتی پشتگیریکردن لەگەشەکردن و سیاسەتەکان جیابکاتەوە بۆ کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری چونکە سیاسەتی یەکەم پشت بەخەرجکردنی حکومەت دەبەستێت کە لەقۆناغێکی دیاریکراودا رێگرە لەزیادبوونی رێژەی وەبەرهێنان لە ئابووری نیشتمانیدا، لە کاتێکدا سیاسەتەکان بۆ نەهێشتنی بێکاری وابرِیارە هانی وەبەرهێنان بدەن.

### دووەم بێکاری و هەلاوسان:

بابەتی پەیوەندی نێوان دووانەکانی خراپ (هەڵئاوسان و بێکاری) بابەتی توێژینەوەکەی ئابووریناسی ئینگلیزی فیلپسێل (A.w.Philips) ە، کە توێژینەوەکەی لەسەر بەریتانیا ئەنجام داو، بە پێی زنجیرەیەکی کاتی بێکاری و کرێ، دەرکەوت کە کرێ بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە کاتێک رێژەی بێکاری دەکەوێت و لە کاتی بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاریدا بە شێوەیەکی تیژ دەکەوێت، ئەنجامەکە ئەوەبوو کە لەنێوان بێکاری و هەڵئاوساندا ئاڵوگۆری بازرگانی هەبوو، واتە پەیوەندیەکی پێچەوانەی هەبوو لەنێوان رێژەی بێکاری و رێژەی

هەڵئاوسان. ئەم پەیوەندیە بە چەماوەیەک بە ناوی چەماوەی فلیپس وەک لە شێوەی خوارەوە پیشان دراوە:




ڕوونکردنەوەی ئەو بارودۆخەی کە لە ژمارەی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە ئەوەیە کە کاتێک ئاستی داخوازیی کۆیی لە ئابووریدا بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز دەبێتەوە، ئەوا کۆمپانیاکان بەدوای زیادکردنی بەرهەمەکانیانن بە دامەزراندنی کرێکارێکی زیاتر و لێسەندنەوەیان بۆ کرێی بەرز و لە ئەنجامدا تێچووی بەرهەم، کە لە نرخەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، زیادیان دەکات و بەو شێوەیە هەڵئاوسان دروست دەکات. کەواتە بێکاری دابەزیوە لە کاتێکدا هەڵئاوسان بەرزبووەتەوە.

بەڵام لەحاڵەتی پاشەکشە و پاشەکشەدا ئەوە دەگەیەنێت کەبارودۆخی ئابووری بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و ئەو داواکارییە یان جێگیرە یان لەگرێبەستدایە واتە نرخەکان تاڕادەیەک ئەگەر کەم نەبنەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە هەڵئاوسان دابەزیوە یان ون بووە و بێکاری سەریهەڵداوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز دۆخی پەیوەندی پێچەوانەی بێکاری و هەڵئاوسان نەسەلمێنراوە، زۆرێک لە وڵاتان دوو حاڵەتیان بەیەکەوە بینیوە و بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی بێکاری گەورە و ڕێژەی هەڵئاوسانی گەورەش هەبووە، ئەم حاڵەتە پێی دەوترێت ((Stagflation ).

(مشكلة البطالة وأثر برنامج الاحلال الاقتصادى عليها (د.علي عبد الوهاب), ص ١٩٨-٢٠٠)

## سێیەم :بێکاری و گەشەی دانیشوان

نوێنەرایەتی گەشەی خێرای دانیشتوان دەکات بەتایبەتی لە سەردەمی مۆدێرندا، گرنگترین ئاستەنگە گشتییەکان، چونکە بە هۆکارێکی سەرەکی ڕێژەی بێکاری و ڕێژەی بەرزی لەدایکبوون دادەنرێت و ڕێژەی مردنیان کەمە، ستانداردەکانی باشترکردنی ژیان و خۆراک، ڕێژەی خوێندنی باڵا، زیادبوونی هۆشیاری، باشتربوونی تەندروستی، هەروەها هیوای ژیان بەرز بوونەوە.

بەشێوەیەکی سروشتی ژمارەی تاکەکانی زۆر چالاک زیاد دەکات، ئەگەر ڕێژەی بەپیتی نەبێت، وە ڕێژەی گەشەی ئابووری، تەریب یان بەلایەنی کەمەوە گونجاوە بۆ گەشەی دانیشتوان، کەلێنێک لە نێوان ئیشە پێویستەکان و ئیشە بەردەستەکان یان ناسراوەکان هەبوو و بێکاری ڕوویدا. چاوخشاندنەوە بەو مەرجانەی کەسەرکەوتوون و هێشتاش لەجیهانی عەرەبیدا زاڵن بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم لێدوانە بەنزیکەیی تەواو بەسەریدا جێبەجێدەکرێت، چونکە ڕێژەی گەشەی ئابووری لە پازدە ساڵی ڕابردوودا - بەرەو هێزی کار پەیرەو نەکراوە.

(حسام داود واخرون، مبادی الاقتصاد الکلی ، الطبعة الثانیة والطباعة ١٤٢١، ٢٠٠١م، ص٢٦٩)

# بەشی دووەم

## کاریگەری بێکاری لەسەر ئابووری و کۆمەلایەتی ،ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی بێکاری

### باسی یەکەم: کاریگەری بێکاری لەسەر ئابووری:

بێکاری جگە لەکاریگەرییەکانی دیکەکاریگەریی زۆری ئابووری هەیە، چونکە بەهەدەردانی گرنگترین سەرچاوەی کۆمەڵگا کە سەرچاوەی مرۆییە، چونکە سەرمایەی مرۆڤ بەرهەمداریی تێکەشکێنێت و ژیانی بەرهەمداری کەم دەبێتەوە ئەگەر بێکار بێت.

(احمد حويتلى واخرون،ص ١٣٥)

بێکاری کاردەکاتە سەر قەبارەی بەرهەمهێنان و بەرهەمی نەتەوەیی بۆیە داهات کەم دەبێتەوە و ئاستی ژیان کەم دەبێتەوە و هێزی مرۆڤ لاواز دەبێت،

ئەگەر بێکاران ڕۆشنبیر بن ئەوا بێکارییان مانای بەفیرۆدانی سامانی کۆمەڵگا دێت کە بۆ خەرجکردنی پەروەردە تەرخان کراوە کە دەکرا بۆ بوارەکانی تری گەشەسەندن لابدرابێت.(برکات ابو النور ، التحليل الاقتصادى لظاهرة بطالة المتعلمين فى مصر.

(المحلة العلمية لاقتصاد والادارة، العدد١ ،١٩٩٤م، ص ٢٠١)

کار بە توخمێکی بەرهەمدار دادەنرێت و بۆیە پەکخستنی واتە بێبەشکردنی کۆمەڵگا لە بەرهەم هێنانی ئەم توخمە چونکە توخمێکی پەککەوتەیە کە بەشداری لە پرۆسەی بەرهەمداردا ناکات ئەوا ئەو کرێکارە بێکارە هیچ داهاتێکی نییە و لەبەر ئەوە توانای خەرجکردنی کەمە یان نەبوونیە و بۆیە قەبارەی تەواوی خەرجکردن لە کۆمەڵگادا کەم دەبێتەوە، کە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی خواستە کەڵەکەبووەکان و ئێمە بە تەواوی ئاگاداری دابەزینی تەواوی کاریگەرییەکانی کەمبوونەوە لەسەر ئابووری نەتەوەیین چونکە خواست ئەو کەسەیە کە بەرهەمهێنان هاندەدات، کەمبوونی خواست دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان کە دەبێتە هۆی زیاد بوونی بێکاری ( حسام داود واخرون، ص ٢٦٠)

دەکرییێت لێکەوتە ئابوورییەکان لەم خالانەی خوارەوە پوخت بکرێتەوە(الأسطل،٤٢،٢٠١٤-٤٢):

١.بەرزبونەوەی بارگرانی لە ئەستوگرتن ئەوەش لەبەر ئەوەی بەرزبوونەوەی تێکڕای بێکاری،وە ئەوەش بە هۆی نزمبوونەوەی بەرهەمهێنان،وە بەرز بوونەوەی ژمارەی بەکار بەران بەهۆی هاتنە پالی بێکاران،کە ئەوەش ئاستی بژیوی کەم دەکاتەوە و پاشان

کەمبوونەوەی پاشکەوت و وەبەرهێنان پاشان کەمبوونەوەی توانای بەرهەمهێنانی،هەروەها دابەزینی بەرهەم و داهاتی نەتەوەیی.

٢.بێکاری زۆر کێشە کە پێوەی بەندە دەهێنێتە ئاراوە، وە لێوەی دەکەوێتەوە، لەوانە کاریگەری لەسەر نزمکردنەوەی ئاستی کرێ،چونکە بێکاری خستنەرووی دەستی کار دەنوێنێت،وە لەدوای ئەوە نزمبوونەوەی ئاستی بژێوی بەهۆی کەمی کرێ.

٣. لەدەستدانی لێهاتوویی و شارەزایی کرێکاران بەشێوەیەکی یەک بەدوای یەک ئەوەش بەهۆی زۆری ماوەی چاوەڕێکردنیان یاخود بێکاربوونیان.

٤.بێکاری دەبێتەهۆی داخورانی بەهای سەرمایەی مرۆیی، شارەزایی و لێهاتووی زانستی کەڵەکەبوو کە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت لەکاتی کار ئەنجامدانی کە لە خودی خۆیدا بەهایەکی بەرزی هەیە،وە بەهایەکی بەرهەمداری بەرزی هەیە،کەچی بێکاربوونی مرۆڤ و وەستانی لەکار بۆماوەیەکی درێژ تەنها نابێتە هۆی وەستانی بەدەستهێنانی ئەو لێهاتووییانە و کەڵەکەبوونیان،بەڵکو دەبێتە هۆی داخوران و بەرە و نەمان ڕۆیشتنیشی، وە تەنانەت ئەگەر بشگەڕێتەوە بۆ کار لە دواییدا،ئەوا بێگومان بەخشین و بەرهەمداریشی دادەبەزێت.

٥.بێکاری بە کەرەسەی بەرهەمهێنانی بەکارنەهاتوو بە شێوەیەکی نموونەیی دادەنرێت،ئەو شتەی واتای بە فیڕۆدانی کەرەسەی بەرهەمهێنانی لە کۆمەڵگە دادەنرێت.

٦.کەمبوونەوەی قەبارەی خەرجی نیشتیمانی،وە پاشان کەمبوونەوەی ئاستی خواستی گشتی،کە ئەوەش دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی بەرهەم.

٧.نزمبوونەوەی قەبارەی دەستهاتی وڵات لە ڕێگەی نزمبوونەوەی قەبارەی باج ولەسەر ئەو داهاتانەی کەلە بێکاریەوە دێن،لاواز بوونی توانی کڕین بە شێوەیەکی یەک بەدوای یەک لە بازاڕی  ناوەخۆ و زیادبوونی قەبارەی هەژاری.

## باسی دووەم : کاریگەری بێکاری لەسەر لایەنی  دەروونیەکان:

بێکاری کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆی کایەکانی کۆمەلگە هەیە،هەر لە کایەیی خێزاببییەوە بیگری تا ئەگاتە کایەی کولتووری و دەروونی تاکەکان،لەو ولاتانەی کە ڕێژەی بێکاری بەرزە،کۆمەلێ دیاردەی وەک بەکارهێنانی هۆشبەرو دزی و کوشتن زیاد دەکات و سەرهەلدەدات ،ئەم کاریگەرییەش یەوەندە بەزەبرە کە پاش کەمبونەوەی بێکاریش هێشتا هەر دەمێنێت و چارەسەرکردنی پێویستی بە هەولو ماندووبونێکی زۆر هەیە،یێکیکی دیکە لەو کاریگەرییانەی بێکاری هەیەتی بریتییە لە تێکچووبی پەیوەندی نێواب تاکە کەس و یەکە کارگێرییەکان،ئەمەش ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی بونیادە کۆمەلاتییەکان هەڵبوەشێتەوە بەتایبەت بونیادی خێزان،چونکە خێزان ڕۆلێکی گرنگ دەبینێت لە ژیانی تاکدا وخێزان ئەو ناوەندەیە کە تاک تێدا پەروەردە دەبێت، لە لایەکی دیکە ،ئەو کۆمەلگەیانەی کە ڕێژەی بێکاری تییا بەرزە، لە ڕووی دەرونیشەوە کاریگەری لەسەر دەروونی تاکەکان  بەجێدە هێلیت،و کۆمەلێ نەخۆشی و شلەژانیی دەرووونی سەرهەلدەدات بە تایبەت بەرزبوونەوەی ڕێژەی فشارە دەروونییەکان و دڵەڕاوکی و خۆکوشتن و نا ئارامیی دەرووونی.

(گۆڤاری پێشکەوتن ،سەرنوسەر ڕێبوار کەلاری،،٢٠٢٢،pdf)

## باسی سێیەم : کاریگەری بێکاری لەسەر لایەنی کۆمەلایەتی:

٢- کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان:

لەکاتی بێکاریدا کەسی بێکار هەستی نەتەوایەتی لاواز دەبێت و لەوانەشە لەدەستی دەدات وە هەست بە داخراوی و بۆشایی دەکات وە هەروەها هەست بە دڵەڕاوکی و هەڵبەزو دابەزی بارودۆخی خۆی دەکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بێکار بیری بەلای هەڵسوکەوتی تاوانکاری و دزی کارە نابەجێکان ببات (بریفکانی و ئەوانی تر،٢٠١٠ ، ٢٢٤).

دەتواندرێت بوترێ بێکاری وە بەتایبەتی بێکاری گەنجان، دەبێتە هۆی زۆری لادان لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتی یەکان چینی گەنجان بیبەش دەبن وە شوێنێکی گرنگ داگیرداکەن لە هەموو جۆرە تێکەڵ بوونێکی کۆمەڵایەتیدا لەبەر ئەوە بەدوای هەڵسوکەوتی نوێ دەگەرێت کە پێچەوانەی یاسا کۆمەڵایەتیەکانە. وە گرنگ ترین ئەو هەڵسوکەوتانە بریتیە لە ئالودەبوونی مادە هۆشبەرەکان و کارکردن بە ئاراستەی ئابووری نا رەسمی(سلیمە،٢٠٠٥ ،٢٢).

گرنگترین کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەمانەن (الفتلاوی، ٢٠٠٩، ٢٢١):

١. کەمبوونەوەی ڕێژەی خەرجییە گشتیە کۆمەڵایەتیەکان کە بە ئاراستەی خزمەتگوزارگە گشتی یەکان دەچوون وەکو خەرجی تەندروستی و خوێندن و ڕێگاوبان و پرد و ژێرخانی ئابووری تر، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی چاودێری تەندروستی و پزیشکی وە زۆربوونی نەخۆشی و ژمارەی مردوان.

٢. زیادبوونی تێکڕای بێکاری و برسیەتی و بێبەشبوون لە خۆراک، وە لەدەست دانی سەرچاوەی داهەتەکەی بەمەش دڵنیایی لەو وڵاتە لەدەست دەدات، بەتایبەتی لەکاتی نەبوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان کە هەڵگری خەمی تاکەکانن لەلایەنی دەروونی و خێزانی و کۆمەلایەتی، کە ئەمەش لە کۆتایدا باجەکەی دەدات لەئەنجامی ئالوودە بوون بە مادەهۆشبەرەکان و خواردنەوەی مەی سەرەڕای هەڵسان بە کاری تاوان و ڕەگەز پەستی. وە ئەم کاریگەرییانەی بێکاریش زۆر مەترسیدارن بۆ سەر کۆمەڵگا بەگشتی. بە شێوەیەک کە تاک بەشێوەیەکی بەرجەستەیی هەستی پێ دەکات، بە جۆرێک کە زەرەرمەندی یەکەم و سەرەکی لەم گرفتەدا تاکە.

**باسی جوارەم : کاریگەری بێکاری لەسەر لایەنی سیاسی:**

بێکاران هەست بە نائومێدی و نائومێدی دەکەن و سەر بە دەوڵەت نین بۆیە تاوانی هەموو جۆرەکان بڵاو دەبێتەوە بەتایبەتی لەنێو بێکاراندا کە لە ماوەی بێکاریدا بیمەی بێکاری وەرناگرن ، جێگای سەرنجە کە هەتا ماوەی بێکاری درێژتر بێت کاریگەری نەرێنییەکەی دەبێت وەک مرۆڤ سوودی ڕاهاتوویی لەکارکردن و لێهاتوویی لەدەست دەدات و ئاستی نزم دەبێتەوە بێکاری یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی دۆخی بە پێی پارچەبوونی کۆمەڵایەتی.
( ذکی حسین قادر ، ص ٢١.)

کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگا پەیداکردن و کارکردن بە زەحمەت دەبینن، هەندێکیان بە تایبەتی گەنجانی ڕۆشنبیر پەلە دەکەن بەرەو توندڕەویی ڕۆشنبیر کە کاریگەری لەسەر سەقامگیری سیاسی کۆمەڵگا و دەوڵەت هەیە( برکات ابو النور ، ص ٢٠)

**باسی بینجەم: ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی بێکاری (چۆنیەتی چارەسەرکردنی بێکاری):**

چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری بە ڕێگەیەک چارەسەر ناکرێت،بەڵکو چەن ڕێگایەک هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم چارەسەرکردنە دەگۆڕێت بەگوێرەی جۆرەکانی بێکاری واتە هەر جۆرەی بێکاری چارەسەری خۆی هەیە ، دەتوانین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری چەند ڕێوشوێنێک بەکاربهێنین لەوانە:

١.پێکهێنانی لیژنەیەکی ئابوری بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی گشتی تەواوی باری ئابوری، دیاریکردنی قەبارە و ڕێژەی بێکاری هۆکار و ڕێگە چارەی گونجاو پێشکەشکردنی دارایی بۆ ئەو کرێکارانەی کە بێکارن .

٢.ڕێوشوێنی گشتی وەکو دامەزراندنی نووسینگەی بەکارخستنی تایبەت بۆ ڕێنمایی کردنی ئەو کەسانەی کە بێکارن و.کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ ئەوەی کاتێ هەلی کاریان بۆ ڕەخسا بتوانن کار بکەن.

٣.دەست تێوەردانی دەوڵەت،لەڕێگەی بەکارهێنانی سیاسەتی دارایی ونەختینەوە،کە ببێتەهۆی زیادبوونی خەرجیەکان لەهەمان کاتدا ببێتەهۆی زیادبوونی داوا خواست لەسەر بەرهەم و وابکات ئەو کرێکارانەی کە بێکارن بگەڕینەوە سەر کاری خۆیان هەلی کار زۆر بێت.

٤.دانانی بەرنامەیەک بۆ قەرز پێدانی ئەو پڕۆژە بچووکانەی کەدەبنە هۆی ئەوەی زیادبوونی دەرفەتی کار لە بەردەم کرێکاران و هەڵمژینی بەشێک لە هێزی کاری دەست بە تاڵ.

٥.چارەسەرکردنی دواکەوتووی زۆربەی وڵاتانی جیهان پێی دەناڵێنن بەتایبەتی وڵاتانی تازە پێگەشتوو پلاندانانی گشتی کە بگونجێت بۆ ئەم وڵاتانە،هەروەها خێرای بکرێت لە پرۆسەی زیادکردنی تێکڕاکانی گەشەی ئابوری بەشێوەیەکی یەکسانی،پاڵپشتی کەرتی تایبەت بکرێت لەڕێگەی دارایی و یاساییەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە بێکارن هەلی کاریان بۆ برەخسێت کە کاربکەن بەگوێرەی پسپۆڕان ،هەروەها کار بکرێت بە سیستەمی دەستەبەری کۆمەلایەتی تاوەکو سنورێک دابنرێت بۆ ئەم کێشەیە.

٥. شانبەشانی بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی هەوڵی کردنەوەی پڕۆژەی کاری گشتی بدرێت بەتایبەتی لە لادێیەکان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا زیادکردنی هەلی کار.

٦.سوود وەرگرتن لەئەزموونی وڵاتانی سەرکەوتوو بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکان بە تایبەتی بێکاری بۆ نموونە ولاتی چین دەرچووانی ئامادەیی ڕاهێناون بۆ ئەوەی ببن بە کادری نێوەند و پشتی پێ ببەسترێت لە جۆرەها پسپۆریدا ، بەمجۆرە فێرکردنی نێوەڕاستیان دەگۆڕن بۆ وزەیەکی کارا و چالاک.

٧.زاڵبوون بەسەر خۆدزینەوە لە ناوەندەکانی خوێندندا چونکە زۆرێک لە قوتابییان لەبەر دەستکورتی و هەژاری خوێندن بە جێدەهێلن رووەدەکەنە بازاڕی کار و ئەوەندەی دیکە کێشەی بێکاری زەقتر دەکەن.

٨.کردنەوەی دەرگای کارکردن لەبەردەم کشتوکاڵدا لەڕیی کشتیارگەی بە کۆمەل و دابەشکردن و بە کرێگرتنی زەوی کشتوکاڵیێ بە پێی گرێبەستێک لە نێواب دەوڵەت و کشتیاردا کە بەرهەم و داهتێکی باشی بۆ هەردوو لا هەبێت .

٩.دانانی سنوورێک بۆ هاوردنی هەرەمەکییانەی ئەو کاڵانەی هاوڵاتی پێویستی پێیەتی و دەکرێت لە ناوخۆدا دروست بکرێت و پێداویستتیەکانی دروستکردنی بە شیوەییکی باش و رێکوپێک فەراهەم بکرێت.

١٠ .ئەنجامدانی هەندێ رێوشوێنی خێرا بۆ چارەسەرکردنی بێکاری وەک.

أ. ئیشپێکردنی وزەی لەکاروەستاوی هەبوو لە جۆرەها کەرتی ئابووری نەتەوەییدا.

ب. فەراهەمکردنی پاراستنی کۆمەلآیەتی بۆ لەکاروەستاوان و فراوانکردنی پرۆژەکانی دەستەبەری کۆمەلآیەتی.

ج. پشتگیریکردن وهاندانی کەرتی تایبەتی ناوخۆیی بۆئەوەی رۆلی خۆی ببینێ لە پرۆسەی گۆڕان و چوون بەرەو ئابووری بازاڕ.

د. فراوانکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان و دووبارە ڕاهێنانەوەی لە جۆرەها کەرتەکان.

هـ دروستکردنی دەرفەتی کاری بەرهەمهێنەر لە رێی زیادکردنی وەبەرهەهێنان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەگشت کەرتەکاندا.

و. بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکردن و تەندروستی و نیشتەجێکردن و چاودرێری کۆمەلآیەتیی.

١١.کاراکردنەوەی رۆلی سەرپەرشتی و پلاندانانی دەوڵەت و چاکسازی کردنی کەرتی گشتی بە شێوەیەکی گشتگیر و ڕیشەیی بەجۆرێک بتوانین ڕۆلێکی ئابووری بنەرەتی لە بەرهەمهێنەر بگێرن و زاڵبین بەسەر هەلاوسانی بیرۆکراسییانە لە داموو دەزگاکانی دەولەت.

١٢.پاراستنی مافەکانی ناسراوی کرێکار توندوتۆڵکردن و پێشخستنیان (مووچەی خانەنشینی،دەستەبەری کۆمەلایەتی..هتد) لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتیدا .

١٣.چاکسازیکردنی سیستەمی باج بە جێبەجێکردنی باجی بەرەو ژوور هەروەک زۆرێک لە ولاتانی پێشکەوتوو کە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی مووچەی لەکار وەستاون.

١٤.چاكسازيكردنی دادگا و سيستەمی فێركردن و هاندانی ئافرەتان بۆ كاركردن و قەدەخەكردنی ئیشپێكردنی منداڵان. (ئابووری سیاسی ،ك٨٦)

## بەشی سێیەم

### باسی یەکەم: بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان:

١. هێزی کاری کوردستان ، زۆرینەیان گەنجن . بەپێی ئامارەکانی کە لە عێراق و کوردستان بڵاودەکرێتەوە ، زۆربەی بێکارانی کوردستان چینی گەنجەکانن ، واتا بەشێکی زۆری هێزی کاری کوردستان گەنجە ، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە باشەکان ، لە هەمان کاتیشدا گەنجی بێکار مەترسی زۆر لەسەر دروست دەبێت ئەگەر هاتوو ماوەی بێکاریەکەی زۆر بخایەنێ .

٢. نەبوونی بیمەی بێکاران . دیارە لە هەرێمی کوردستان سیستەمی بیمەی بێکاری نییە ، ئەمەش وادەکات گەنجی بێکار لە هەژاری و لە دۆخێکی ئابووری زۆر خراپ بژی و پەنا بۆ هەموو شتێک ببات بۆ دەستکەوتنی بژێوی ڕۆژانەی.

٣. هێزی کار لە ئاستێکی خراپی شارەزاییدان . لەبەر ئەوەی هێزی کار دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن ، ناتوانن وەکو پێویست فێری کارکردن ببن و ناتوانن لە بازاڕی ڕکابەری قۆرخکاری لە هەرێم کار بۆ خۆیان بدۆزنەوە ، ڕکابەریە لە دەستکەوتنی کار گەنجانی بێ سەرمایەو ، قۆرخکارییە بۆ کۆمپانیاکانی بەناو کەرتی تایبەت ، ئەمەش مانای وایە گەنجەکان دەبێت زۆر بە توانا بن ئینجا کارێکی هەرزانی دەستکەوێت .

٤. بە پیرۆز تەماشا کردنی کارکردن . ئەوەی لە هەرێمەکەی ئێمە هەیە کەڵتووری بە پیرۆکردنی کارکردن دروست نەبووە ، زۆر گرنگە گەنجان و نەوەکانی ئێستاو داهاتوو پەروەردە بکرێن بە کەڵتووری پیرۆزی کارکردن .

٥.بوونی کرێکاری بیانی.ئەو ژمارە زۆرەی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان وای کردووە کرێی کارکردن نزم بکاتەوە دەرفەتی کارکردن بۆ گەنج و بێکاری خۆمان نەهێڵێت. کاریگەری خراپی دروست کردیە لەلای گەنجان و خاوەن کارەکان،کە خەریکە دەبێتە یاسایەکی سروشتی،کە خەڵکی خۆمان کارناکات و ناتوانێ کاربکات،بەڵام نازانرێت کە خەڵکی خۆمان لەبەر گرانی بازاڕ ناتوانێ ئەو کارە بکات،کە بەنگلادشیەک یان عەرەبێکی سووری یان ئێرانیەک دەکات.

٦.پشت بەستن بە کارکردن لە کەرتی گشتی.بڕوایەکی زۆر هەڵە و خراپە لە ناو کوردا دروست بووە،کە گوایە کەرتی گشتی ئەمانە،بەردەوامە،بێ مانووبوونە و مسۆگەرە،بەڵام لەڕاستیدا لەوقەیرانەی ئەم دواییە دەرکەوت کە وانییە،ئەمەش وای کردووە ژمارەیەکی زۆر هێزی کار بە هەموو چین و توێژە جیاوازەکان لە کەرتی گشتی کۆببنەوە.

٧.نه گەڕان بەدوای کارکردن.گەنجان لای ئێمە زۆر ئاساییە جون (جوێن)بە دارو بەرد بدات بەڵام ئاسایی نیە بەدوای کار بگەڕێت خۆی داوای کار لە خەڵک و کەرتی تایبەت بکات.

٨کەلتوری عەیبە.ئەوەی پێی دەگوترێت عەیبە هۆکارێکی زۆر سەرەکی بێکاربوونی چینی خوێندەوارەکەیە.ئامادەیە بێکار بێت،بەڵام ئامادەنیە کارێک بکات،لەگەڵ بروانامەکەی یان شارەزاییەکەی نەگونجێ،بەلایەوە ئاساییە بێ پارە بێت داوای ڕۆژانەی لە دایک و باوکی بکات و ببێتە ئەرک بەسەر خانەوادەکەی،(هەلیکۆپتەری دارایی ،ئەیوب انوەر ،٢٦_٢٩)

## باسی دووەم: گرفتەکانی تێگەیشتن لە بێکاری لە هەرێمی کوردستان:

١-جۆراوجۆری بێکاری: لە هەرێمی کوردستان زۆر بە جۆرەکانی بێکاری هەییە، بەڵام جیاکردنەویان بۆ نەکراوەو نازانرێت هەرجۆرێکی بێکاری رێژەی چەندە.

٢- جیاوازی خەملاندنەکان: لە هەرێمی کوردستان سەرچاوەکانی فرێدانی ژمارەکانی بێکاری یەک ناگرنەوە، سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی بێلایەن نیە ، سەرچاوەکانی حکومەت ژمارەکانیان ئەوەندە کەم و ناواقعیە جێگای باوەڕ نییە ، سەرچاوەکانی دەرەوەی حکومەتیش پشت ڕاست نەکراوەنەتەوە ، یان ئەوانیش جێگای باوەڕ نین و دروست نین.

٣-لەبەرچاونەگرتنی پێشکەوتنی ئابووری لە خەملاندنی بێکاری: خەملاندنی بێکاری لە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی ئابووری لەبەرچاو ناگرێت، واتا حیساب بۆ بەیانی و دوو بەیانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و ئایتی و پەیوەندیەکان ناکرێت، واتا وردبوونەوە لە خەملاندنەکان نەکراوەو زۆر سەرپێین.

٤-نەبوونی رۆڵی حکومەت: حکومەتی هەرێم دیارە رۆڵی لە دروستکردن و دۆزینەوەی دەرفەتی کارکردن زۆر لاواز کەمە،ئەوەی دەبیکات لە کەرتی گشتیە، کە ئەوەش گرفتەکان زیاتر دەکات ،لە بێکاری رها دەیخاتە خانەی بێکاری داپۆشراو.

٥.بوونی بەرژەوەندی کۆمپانیاکان:بەرژەوەندیەکانی کۆمپانیاکان هێنانی کرێکاری بیانی ،لە هەرێمی کوردستان،وای کردووە بازاری کار لەهەرێمی کوردستان فەشەل بێنێت لەدیاریکردنی کرێ و مووچە ،لەبەر بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کرێکاری بیانی و کرێکاری عەرەب،واتا ئەو کرێ و مووچەیەی لەبازاری کار لە هەرێمی کوردستان هەیە بە پێیی میکانزمی بازار دیاریناکرێت، واتا بە پێی خواست و خستنەروو نیە لەبەر ئەوەی کرێکاری بیانی بە کەمتر لە نرخی هاوسەنگ کار دەکات.

**باسی سێیەم: لایەنی پراکتیکی و شیکار کردنی دەرئەنجامەکان:**

داوی لێکۆلینەوەیەکی تیۆری لەسەر بابەتی (بێکاری ، هۆکارەکانی ، کاریگەرییە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان، رێکارەکانی کەمکردنەوەی بێکاری لەهەرێمی کوردستان لەشاری هەولێر) لەبەشی یەکەم هەلسایین بەشیکردنەوەی چەمکی بێکاری وە پەیوەندی نێوان بێکاری و گرنگترین گۆرانکارییە گشتییە ئابووریەکان، وە لەبەشی دووەم دا کاریگەری بێکاری لەسەر ئابووری و کۆمەلایەتی، رێکارەکانی کەمکردنەوەی بێکاری خرانەروو، لەم رووانگەیەوە گەیشتین بە هەندێک دەرئەنجامی سەرەتایی بۆ گریمانەی توێژینەوەکەمان. توێژەران بۆ پیشاندانی دەرئەنجامی زانستی زیاتر وە لەسەر بنەمای گریمانەی توێژینەوەکەمان هەلسایین بەئامادە کردنی فۆرمێکی راپرسی کە لەکۆتایی توێژینەوەکە ئاماژەی پێکراوە بۆ گەیشتن بەوەلامێکی زانستی بۆ گریمانەکان.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم فۆرمە لەسێ بەشی سەرەکی پێک دێت، بەشی یەکەم تایبەتە بەزانیارییە گشتییەکان، وەبەشی دووەم هۆکارەکانی بێکاری پیشان دەدات، وە بەشی سێیەم ئامانج تیایدا پیشاندانی کاریگەرییە ئابووری کۆمەلایەتییەکانی بێکارییە.

توێژەران هەلسان بە دابەشکردنی (٨٠) فۆرمی راپرسی بەسەر چەند چین و توێژێکی دیاری کراو لەچەند گەرەکێکی شاری هەولێر (٦٩) لەم فۆرمانە وەرگیرانەوە لەلایەن توێژەران کە دەکاتە رێژەی (٨٦%) لە کۆی گشتی فۆرمی دابەشکراو.

داوی کۆکردنەوەی فۆرمەکان توێژەران راستەوخۆ هەلسان بەشیکار کردنی وەلامەکان و بەدیار خستنی دەرئەنجامکان کەوا لەم خشتانەی خوارەوە دەرئەجام و شیکارکردنی فۆرمەکان خراوەتەروو.

## یەکەم: زانیارییە گشتییەکان:

لەبەشی یەکەمی فۆڕمی ڕاپرسی توێژەران هەڵساون بەشیکار کردنی (٦٩) فۆڕمی زانیارییە گشتیەکان کەوا پێکهاتووە لە (ڕەگەز ، تەمەن ، باری کۆمەڵایەتی ، ئاستی خوێندن.)

خشتەی ژمارە (١) دووبارە بوونەوەی (ڕەگەز)خشتةی ذمارة (١) دووبارة بوونةوةی (ڕەگەز)

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕەگەز |
|---|---|---|
| ٦٥ % | ٤٥ | **نێر** |
| ٣٥% | ٢٤ | **مێ** |

دوابەدوای شیکردنەوەی فۆرمەکان کە لەخشتەی سەرەوە پیشان دراوە بۆمان دەرکەوت کەوا (٤٥) فۆرم لەلایەن ڕەگەزی (نێر) پڕکراوەتەوە کەدەکاتە ڕێژەی (٦٥%) لەکۆی گشتی فۆرمی دابەشکراو، هەروەها (٢٤) فۆرم لەلایەن ڕەگەزی (مێ) پڕکراوەتەوە کەدەکاتە ڕێژەی (٣٥%) لەکۆی گشتی فۆرمی دابەشکراو.

خشتەی ژمارە (٢) دووبارە بوونەوەی (تەمەن)

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕەگەز |
|---|---|---|
| ٤١ % | ٢٨ | **(٢٥-١٨)ساڵ** |
| ٣٢ % | ٢٢ | **(٣٢-٢٦)ساڵ** |
| ١٩ % | ١٣ | **(٤٠-٣٢)ساڵ** |
| ٨ % | ٦ | **سەرووی ٤٠ ساڵ** |

دوابەدوای شیکردنەوەی فۆرمەکان کە لەخشتەی سەرەوە پیشان دراوە بۆمان دەرکەوت کەوا بەشی زۆری فۆرمی ڕاپرسی (٢٨) فۆرم لەلایەن ئەو کەسانە پڕکراوەتەوە کەتەمنیان لەنێوان (١٨-٢٥) ساڵی دایە کەدەکاتە ڕێژەی (٤١%) کۆی گشتی فۆرمەکان. لەهەمان کاتدا کەمترین فۆرمی ڕاپرسی (٦) فۆرم لەلایەن ئەو کەسانە پڕکراوەتەوە کەتەمنیان لەسەرووی (٤٠) ساڵی دایە کەدەکاتە ڕێژەی (٨%) کۆی گشتی فۆرمەکان. هەروەها ڕێژەی (٣٢%) فۆرمی ڕاپرسی لەلایەن ئەو کەسانە پڕکراوەتەوە کەتەمەنیان لەنێوان (٢٦-٣٢) ساڵی دایە ئەویش (٢٢) فۆرمە، لەدوای ئەویش ئەو کەسانە دێن کەوا تەمەنیان لەنێوان (٣٢-٤٠) ساڵی دایە بە (١٣) فۆرم کەدەکاتە (١٩%) کۆی گشتی فۆڕمەکان.

خشتەی ژمارە(٣) دووبارە بوونەوەی (باری کۆمەڵایەتی)

| ڕەگەز | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **سینگڵ ( سەڵت )** | ٥٦ | ٨١ % |
| **خێزاندار** | ١٣ | ١٩ % |

دوابەدوای شیکردنەوەی فۆرمەکان کە لەخشتەی سەرەوە پیشان دراوە بۆمان دەرکەوت کەوا (٥٦) فۆرم لەلایەن ئەو کەسانە پڕکراوەتەوە کەوا سینگڵن و ژیانی هاوسەرگیریان پێک نەهێناوە کەدەکاتە ڕێژەی (٨١%) لەکۆی گشتی فۆرمی دابەشکراو، هەروەها (١٣) فۆرم لەلایەن ئەو کەسانەپڕکراوەتەوە کەوا خێزاندارن و ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوە کەدەکاتە ڕێژەی (١٩ %) لەکۆی گشتی فۆرمی دابەشکراو.

خشتەی ژمارە (٤) دووبارە بوونەوەی (ئاستی خوێندن)

| ڕەگەز | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **نەخوێندەوار** | ٧ | ١١ % |
| **سەرەتایی** | ٢ | ٣ % |
| **ناوەندی** | ٥ | ٧ % |
| **دواناوەندی** | ٦ | ٩ % |
| **دبلوم** | ٣ | ٤ % |
| **بەکالۆریوس** | ٤١ | ٥٩ % |
| **ماجستیر** | ٤ | ٦ % |
| **دکتورا** | ١ | ١ % |

دوابەدوای شیکردنەوەی فۆرمەکان کە لەخشتەی سەرەوە پیشان دراوە بۆمان دەرکەوت کەوا بەشی زۆری فۆرمی ڕاپرسی (٤١) فۆرم لەلایەن ئەو کەسانە پڕکراوەتەوە کەوا هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریوسن کەدەکاتە ڕێژەی (٥٩%) کۆی گشتی فۆرمەکان. لەهەمان کاتدا کەمترین فۆرمی ڕاپرسی (١) فۆرم لەلایەن ئەو کەسانە پڕکراوەتەوە کەوا هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران کەدەکاتە ڕێژەی (١ %) کۆی گشتی فۆرمەکان. هەروەها ڕێژەی (١١ %) فۆڕمی ڕاپرسی لەلایەن ئەو کەسانە پڕکراوەتەوە کەوا نەخوێندەوارن ئەویش (٧) فۆڕمە، لەدوای ئەویش ئەو کەسانە دێن کەوا هەڵگری بڕوانامەی دواناوەندین بە (٦) فۆرم کەدەکاتە (٩%) کۆی گشتی فۆڕمەکان. هەریەکە لە هەڵگرانی بڕوانامەی (سەرەتایی و ناوەندی و دبلۆم و ماجستیر) بەشداریان کردوە لە پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی بە ڕێژەی (٣% و ٧% و ٤% و ٦%) یەک لەدوای یەک لە کۆی گشتی فۆڕمەکان.

## دووەم: هۆکارەکانی بێکاری:

لەبەشی دووەمی فۆڕمی ڕاپرسی توێژەران هەڵساون بەشیکار کردنی (٦٩) فۆڕمی هۆکارەکای بێکاری کەوا پێکهاتووە لە حەوت پرسیار وە شیکارو دەرئەنجامەکانی لەم خشتەی خوارەوە خراوەتە ڕوو:

| هۆكارەكانی بێكاری | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **تەمەن هۆكارێكە بۆ دەست نەكەوتنی كارو زیادبوونی بێكاری.** | ٢ | ٣ % |
| **كەمی سەنتەر و دەستەی ڕاهێنان بۆ دەرچوانی زانكۆ و پە یمانگاكان.** | ١ | ١ % |
| **زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی قوتابیانی دەرچوو لە زانكۆ و پە یمانگاكان.** | ١٣ | ١٩ % |
| **زۆر بوونی زانكۆ و پە یمانگای ناحكومی.** | ١٩ | ٢٨ % |
| **كەمبوونی هەلی كار بۆ بەكارخستنی دەرچوان و بێكاران.** | ٩ | ١٣ % |
| **وەرنەگرتنی قوتابیان لەسەر بنەمای پێویستی بازاڕ بەدەستی كار.** | ١٥ | ٢٢ % |
| **زۆربوونی دەستی كاری بیانی.** | ١٠ | ١٤ % |

دوابەدوای شیکردنەوەی فۆرمەکان کە لەخشتەی سەرەوە پیشان دراوە بۆمان دەرکەوت کەوا بەشی زۆری فۆرمی ڕاپرسی (١٩) فۆرم زۆر بوونی زانکۆ و پەیمانگای ناحکومی بەهۆکارێکی سەرەکی دەزانن بۆ زیادبوونی بێکاری بە ڕێژەی (٢٨%) کۆی گشتی فۆرمەکان. لەدوای ئەویش وەرنەگرتنی قوتابیان لەسەر بنەمای پێویستی بازاڕ بەدەستی کار بە دووەم هۆکار دێت بەڕێژەی (٢٢ %) لە کۆی گشتی فۆڕمەکان کەوا (١٥) فۆڕم بۆ ئەم هۆکارە پڕکراوەتەوە، وە ڕێژەی (١٩%) بەشداربوان زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی قوتابیانی دەرچوو لە زانکۆ و پەیمانگاکان بەهۆکاری سێیەم دادەنێن بە (١٤) فۆڕم. لەهەمان کاتدا کەمترین فۆرمی ڕاپرسی (١) فۆرم کەمی سەنتەر و دەستەی ڕاهێنان بۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەهۆکار دەزانن بۆ زیادبوونی بێکاری کەدەکاتە ڕێژەی (١ %) کۆی گشتی فۆرمەکان. هەروەها ڕێژەی (١٤ %) فۆڕمی ڕاپرسی لەلایەن ئەو کەسانە پڕکراوەتەوە کەوا زۆربوونی دەستی کاری بیانی بەهۆکارێکی لاوەکی دەزانن بۆ زیادبوونی بێکاری ئەویش (١٠) فۆڕمە، هۆکاری تەمەن وە کەمبوونی هەلی کار دوو هۆکاری ترن کەوا بەشداربووان پێیان وایە هۆکارن بۆ زیادبوونی بێکاری ئەویش بە ڕێژەی (٣% و ١٣%) یەک لەدوای یەک لەکۆی گشتی فۆڕمەکان.

## سێیەم: کاریگەرییە ئابووری کۆمەڵایەتییەکان

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | کاریگەرییە ئابووری کۆمەڵایەتییەکان |
|---|---|---|
| ٪ ٤ | ٣ | لاوازی گەشەی ئابووری لەکەرتی گشتی و تایبەت دا . |
| ٪ ٦ | ٤ | بەرزبوونەوەی تێچووی گشتی دەوڵەت بەدابین کردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. |
| ٪ ١٠ | ٧ | کەم بوونەوەی توانا و لێهاتوویی تاکەکانی کۆمەڵگا بەهۆی زۆری ماوەی بێکارییان. |
| ٪ ٢٣ | ١٦ | زیادبوونی کێشەی کۆچ کردنی گەنجان. |
| ٪ ٢٨ | ١٩ | زیادبوونی کێشەی خێزانی و لەیەك جیابوونەوە. |
| ٪ ١٦ | ١١ | زیادبوونی توند و تیژی و ئەنجامدانی تاوان و دزی. |
| ٪ ١٣ | ٩ | تێکچوونی باری تەندروستی و دەروونی بێکاران و کەم بوونەوەی تێکڕای تەمەن. |

دوابەدوای شیکردنەوەی فۆرمەکان کە لەخشتەی سەرەوە پیشان دراوە بۆمان دەرکەوت کەوا بەشی زۆری فۆرمی ڕاپرسی (١٩) فۆرم پێیان وایە کەوا بێکاری دەبێتە هۆی زیاد بوونی کێشەی خێزانی و لەیەک جیابوونەوە بە ڕێژەی (٢٨%) کۆی گشتی فۆرمەکان. لەدوای ئەویش زیادبوونی کێشەی کۆچ کردنی گەنجان دووەم کێشەیە کەوا تووشی کۆمەڵگا دەبێت بەهۆی زیادبوونی بێکارییەوە بەڕێژەی (٢٢ %) لە کۆی گشتی فۆڕمەکان کەوا دەکاتە (١٥) فۆڕم، وە ڕێژەی (١٦%) زیادبوونی توند و تیژی و ئەنجامدانی تاوان و دزی کێشەیەکی ترە کەوا ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبێتەوە بەهۆی زیادبوونی بێکارییەوە بە (١٤) فۆڕم. لەهەمان کاتدا کەمترین فۆرمی ڕاپرسی (٣) فۆرم لەدوای ئەویش (٤) زیادبوونی بێکاری کاریگەری دەکاتە سەر (لاوازی گەشەی ئابووری لەکەرتی گشتی و تایبەت دا و بەرزبوونەوەی تێچووی گشتی دەوڵەت بەدابین کردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بەشێوەی یەک لەدوای یەک، لەکۆتایی دا ڕێژەی (١٣%) بەشداربووان وای دادەنێن کەوا زیادبوونی بێکاری کاریگەری دەکاتە سەر تێکچوونی باری تەندروستی و دەروونی بێکاران و کەم بوونەوەی تێکڕای تەمەن.

## دەرئەنجامەكان

١. زۆربوونی ژمارەی زانكۆ و كۆلێژو پەیمانگای ناحكومی دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی قوتابیانی دەرچوو ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بێكاری لە ناو كۆمەڵگادا.

٢. نەبوونی پلانێكی گونجاو بۆ وەرگرتنی قوتابیان، وە وەرنەگرتنی قوتابیان لەسەر بنەمای پێویستی بازاڕ بەدەستی كار هۆكارێكی ترە بو زیادبوونی بێكاری لەناو كۆمەڵگادا.

٣. ئاسانكاری كردن بۆ هاتنی كۆمپانیای بیانی بە دەستی كاری بیانی نەبوونی پلانێكی گونجاو بۆ بەكار خستنی دەستی كاری ناوخۆیی دەبێتە هۆی كەمبوونی هەلی كار بۆ بەكارخستنی دەرچوان و بێكاران، هەروەها زۆربوونی دەستی كاری بیانی دەبێتە هۆی زیادبوونی بێكاری لە ناو كۆمەڵگادا.

٤. كەمی سەنتەر و دەستەی راهێنان بۆ دەرچوانی زانكۆ و پەیمانگاكان وەهەروەها هەڵكشانی تەمەن هۆكارێكە بۆ دەست نەكەوتنی كارو زیادبوونی بێكاری.

٥. بێكاری كاریگەری دەكاتە سەر كۆمەڵگا و دەبێتە هۆی زیادبوونی كێشەی خێزانی و لەیەک جیابوونەوە هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی توند و تیژی و ئەنجامدانی تاوان و دزی.

٦. زیادبوونی بێكاری دەبێتە هۆی كەم بوونەوەی توانا و لێهاتوویی تاكەكانی كۆمەڵگا بەهۆی زۆری ماوەی بێكارییان ئەمەش وا دەكات كەوا گەنجەكان ڕوو بكەنە دەرەوەی وولات.

## پێشنیارەکان

١) هەوڵدان بۆ سنور دارکردن و کەمکردنەوەی ژمارەی زانکۆ و  کۆلێژ و پەیمانگا ناحکومییەکان بەتایبەتی ئەو ئەو زانکۆ و کولێژانەی کەوا ئاستی زانستیان نزمە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تاکێکی ئاست نزم لەڕووی زانستیەوە.

٢) دانانی پلانێکی گونجاو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان بۆ وەرگرتنی قوتابیان لەسەر بنەمای پێویستی بازاڕ بەدەستی کار.

٣) ڕێگری کردن لەهێنانی دەستی کاری بیانی وە دانانی ڕێنمایی گونجا لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان بەشێوەیەک بێت کەوا ناچار بکرێن زۆرترین کرێکارو دەستی کاری ناوەخۆ بەکاریخەن لەکۆمپانیاو کارگەکانیاندا.

٤) کردنەوەی سەنتەری زیاتری ڕاهێنان و دەستەی ڕاهێنان بۆ دەرچوانی تازەی کۆلێژ و پەیمانگاکان بۆ ئەوەی ئاشنا بکرێن بە چۆنیەتی کار کردن و بەستنەوەی ئەو بابەتانەی کەوا خوێندویانە لەگەڵ بازاڕی کارکردندا.

٥) ڕەخساندنی هەلی کارکردن بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا لەلایەن حکومەتەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ ڕێگری کردن لە زیادبوونی کێشەکانی کۆمەڵگا و کەمکردنەوەی توندو تیژی و دزی هەروەها بۆ ڕێگری کردنی زیاتری کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات.

**سەرچاوەی کتێب بە کوردی:**

١.ئابووری سیاسی .ک ٨٦

٢.هەلیکۆپتەری داراییی.(د،ئەیوب انوەرسماقولی،٢٠٢٢)

**سەرچاوەی عەرەبی:**

١. الأسطل،محمد مازن،العوامل المؤثرة على المعدلات البطالة في فلسطين (١٩٩٦_٢٠١٢)،رسالة الماجستير ،الجامعة الاسلامية بغزة،كلية التجارة ،قسم أقتصاديات التتمييه ،٢٠١٤.
٢. البريفكاني،احمد محمد اسماعيل واخرون،ضاهرة البطالة بين خريجي كلياتجامعة دهوك(الأسباب والمعالجات)،مجلة تنمية الرافدين ،العدد ١٠٠،مجلد٣٢،كلية الادارة والاقتصاد ، جامعة الموصل ،الموصل،العراق،٢٠١٠ .
٣. سليمة،أشروف آبير،الاستجابية لضغط البطالة لدي المتخرج الجامعي ،شهادة مجستير ،كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية ،جامعة الجزائر،الجائر،٢٠٠٥.
٤. الفتلاوي ،حيدر مجيد عبود ،أهمية تخطيط القوي العاملة في خفض معدلات بطالة الخريجين في العراق مع إشارة خاصة الي جامعه الكوفة، مركز دراسات الكوفه:الدراسات القانونيةو الإدارية ،كلية الإدارة والاقتصاد،جامعة الكوفة ،العراق ،٢٠٠٩.
٥. (هيثم الزعبى ، حسن ابو الذين ، اسس ومبادى الاقتصاد الكلى ، الطبعة الاولى، دار الفكرللطباعة والنشر والتوزيع، ١٤٢٠، ٢٠٠٠م، ص ١٤٥)
٦. (حسام داود واخرون، مبادى الاقتصاد الكلى ، الطبعة الثانية ، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ١٤٢١، ٢٠٠١م، ص ٢٥٥)
٧. رمزى زكى الاقتصاد السياسى للبطالة : تحليل لاخطر مشكلات الرأسمالية المعاصرة (الكويت)(المجلس الوطنى للثقافة والفنون والاداب، ١٤١٨، ص٤٨٧)
٨. ( د.على عبدالوهاب : مشكلة البطالة واثر برنامج الاصلاح الاقتصادى عليها دراسة تعليمية- تطبيقية الدار الجماعية، ٨٤ شارع زكريا غنيم-الابراهيمية الاسكندرية-جمهورية مصر العربية ، ص ١-٢)
٩. د.عبداللطيف عبد الحميد العانى ، المشكلات الاجتماعية ، جامعة بغداد ،١٩٩١)
١٠.(د.على عبدالوهاب نجا ، ص ٢١)

١١. ( احمد حويتى واخرون ، علاقة البطالة بالجريمة فى الوطن العربى الرياض ، مركز الدراسات والبحوث اكاديمية العربية للعلوم، ١٤١٩سنة هـ ، ص٢٥)
١٢.(د.احمد حسين الرفاعى، د.خالد واصف الوزنى ، ص ٢٥٢)
١٣.( على عبدالوهاب سنجا، ص ٣٠)
١٤.(دكتورة ايمان عطية ناصف ، ص ٢٧٠)
١٥.(هيثم الزعبى ، حسن ابو الزيت ، ص ١٤٨)
١٦.(احمد حويتلى واخرون، ص ١٣٥)
١٧.(بركات ابو النور ، التحليل الاقتصادى لظاهرة بطالة المتعلمين فى مصر(المحلة العلمية لاقتصاد والادارة، العدد١ ،١٩٩٤م، ص ٢٠١)
١٨.( حسام داود واخرون، ص ٢٦٠)
١٩.( ذكى حسين قادر ، ص ٢١.)
٢٠.بركات ابو النور ،ص ٢٠)
٢١.مشكلة البطالة وأثر برنامج الاحلال الاقتصادى عليها ، دراسة تعليمية-تطبيقية -الدار الجماعية.(د.علي عبد الوهاب), ص ١٩٨-٢٠٠
٢٢.حسام داود واخرون، مبادى الاقتصاد الكلى ، الطبعة الثانية ، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ١٤٢١، ٢٠٠١م، ص٢٦٩

### پێگە ئەلکترۆنیەکان:

١.مالپەری خۆیندنگە. Xwendnga.com
٢.چاوی کورد..www.chaweykurd.com
٣.گۆڤاری پێشکەوتن ،سەرنوسەر ڕێبوار کەلاری،،٢٠٢٢.pdf
٤.awene.com ,https://www.awene.com
٥. (www.annabaa.org)
٦.www.aloa.net\show thread.phppt=١٠٩٦